ڕانانی کتێب: **مەڵبەند**

٢

# ستایش






ستایش، کۆمەڵەشیعرێکی خنجیلانەی خاتوو نەزەندی شاعیرە.
نەزەند، لە «ستایش»دا، هەر لە دەستپێکی ناوی کۆمەڵەشیعرەکەیەوە، خوێنەر دەخاتە ناو جیهانێکی فراوانی بێدەنگیی ڕووحی واوە کە لە شێوەی بێدەنگی و بێسرپەیی ئەو بەهەشتە دەچێت کە لە ئایین و ئایینزاکاندا مرۆڤی پێ تامەزرۆ دەکرێت.
لە کۆمەڵەشیعرەکەیدا، چەندین جار گوێت لە دەنگی دوعاکان دەبێت. وێنەی ئاسوودەیی و نوێژی پەرییەکان دەبینیت و هەست بە پاکیزەیی هەڵفڕینی فریشتە ڕووحییەکان دەکەیت.

**لە چۆڵاییەک**
**لەناو بیابانی تەم و**
**دامێنی تەپۆڵکەی با**
**ژنێک ڕووی کردە خودا**
**ژنێکی تەنک باڵا**
**ڕووخسار پڕ لە هێما**
**دەستەکانی هەڵبڕی و**
**گوێم لێ بوو دەپاڕایەوە:**
**"ئەی خودای مەزن**
**هێزێکم پێ ببەخشە با لە نهێنییەکان نەگەم**
**چونکە من نامەوێ لەناو ڕقدا**
**ژیان لە ئامێز بگرم"**
*پاڕانەوە، ل٣٥*

ئەم کۆمەڵە شیعرەی نەزەند و نوێژ و دوعا پاکەکانی دایکی، منی گەڕاندەوە بۆ ساڵەکانی حەفتا و بۆ بیرەوەرییەکانی مێرمنداڵیم و ئەو تەقس و فەزایەی کە پیرە پووری دایکم؛ پوورە «مریەم»م، بۆ خۆی و بۆ ئێمە و بۆ گشت خێزانەکەمانی دروست کردبوو. پوورە مریەم ئەوەندە لەسەر بەرماڵی نوێژ و خەریکی تەسبیح بوو، خۆبەخۆ وات هەست دەکرد کە پارچەیەکی لە بەهەشتی نادیار و چاوەڕوانکراوی دوورەدەستی هانیوەتە سەر تەختی خاکە کۆنکەکەی «ئەناهیتا»ی خوای خواکانی «نۆزێ».
بەڵام دەبێت بە خوێنەر ئەوە ڕابگەیەنرێت کە دوعا و پاڕانەوە و ستایش و نوێژەکانی کۆمەڵەشیعرەکەی نەزەند خان، دۆشداماوی و دەستەوەستانی و لاڵانەوە نین، چونکە شاعیر وەکو خۆی لە هەندێ شوێنیدا گوتویەتی باش دەزانێت کە زەمەن، زەمەنی کار و چالاکی و چاپووکی و نوێخوازییە:

**بەرماڵەکەی دایکم ڕەنگی ئاسمانی گرتووە**
**دوعاکانی ڕەنگی خەزان**
**باخچەکەمان ماندوو**
**پەپوولەکان تا لێهاتوو**
**ئیتر زەمەنی ڕزگاربوون نەما**
**زەمەنی دوعا بەسەرچوو**
*دوعاکانی دایکم، ل١٢*

نەزەند خان، لەم کۆمەڵەشیعرەیدا، بەرەنگارییەکی ئارام لە هەڵوێست و تێگەیشتن و فەلسەفەی خۆی دەکات بەرانبەر بە خۆشەویستی، هاوپەیوەندی دەوێت نەک توانەوە، فڕین و ئازادیی هەڵفڕین دەخوازێت لەبری چەقین و چاوەڕوانی، سەمای دەوێت لەجیاتی شەرم و گۆشەگیری:

**وەرە ئەی هاوڕێم**
**وەرە با پێکەوە سەما بکەین**
**وەرە با پێکەوە**
**لەو زەمەنی غەدرەوە**
**شۆڕبینەوە بۆ ناو نزرگای شێتبوون**

نەزەند لە شیعرێکدا حیکایەتەکانی نەنکی دەکاتە ئامرازێکی ناسک بۆ پرژانی یادەوەرییە تاڵ و شیرینەکانی لەگەڵ قوبادی جوانەمەرگی برای:

**لەسەر پانتایی نادیاریت، پەنجەرەیەک کرایەوە**
**پەنجەرەیەک بە ئەندازەی شادبوونەوە بەیەکتری**
**پەنجەرەیەک بە ئەندازەی دیدارێک لەگەڵ جاران و**
**لێژبوونەوە بۆ ناو عیرفانی حیکایەتەکانی نەنکم...هتد**
**ژیان دەشێ دانیشتنێکی وەنەوشەیی خوشک و برا بێت**
**لەناو ژووری سپیی وشە و**
**بەر ئاگردانی حیکمەتەکانی نەنکم...**

کۆمەڵەشیعرەکەی د. نەزەند هەژدە شیعری گرتۆتە خۆ و هەوڵێکی ناسک و هێمنی شیعری کوردییە بەرەو مەزنیی ناسنامە و خۆبینینەوە لە فەلسەفە و عیرفاندا.

*ستایش، شیعری نەزەند بەگیخانی، بڵاوکراوەی ئاراس، چاپی هەولێر، ٢٠٠٤، ١٠٤ لاپەڕە.*

ڕانانی کتێب: **مەڵبەند**

# ٣

# پەنجەرەكان... لە ناوەوە...






کۆمەڵەشیعرێکی نوێی بەڕێز د. کەمال میراودەلییە.

کاک کەمال، لەم کۆمەڵەشیعرەیدا کە ١٠٦ هۆنراوەی لە خۆ گرتووە، لە هۆنراوەی کورت و هۆنراوەی چەند لاپەڕەیی، لە هۆنراوەی بێ وشە و هۆنراەی ڕازاوە بە وشە، لە هەموو ئەم هۆنراوانەدا؛ ئیتر چ هۆنراوەی سۆزی کەسی و خۆشەویستی بن و چ سەبارەت بارودۆخە گشتی و سیاسییەکان بن د. کەمال بۆ ناخی مرۆڤ و بۆ هەڵوێستوەرگرتن دەنووسێت.

کاک کەمال لە هەموو ئەم شیعرانەدا، هەتا لە شیعرە بەسۆزەکانیشدا، نەیتوانیوە وەکو ڕۆشنبیرێکی ڕاستەقینە، خۆی لە هەڵوێستەکان دوورەپەرێز بکات.

بۆیە لە شیعرە دڵدارییەکانیشدا هەڵوێستی سیاسی و تێڕوانینی سیاسی، کەم و زۆر، خۆیان نواندووە و بە دەر کەوتوون.

بۆ نموونە، مرۆڤ کە ئەم شیعرەی خوارەوە دەخوێنێتەوە، ناتوانێت هەستە تاکەکەسییەکەی خۆی و شاعیر، لە هەڵوێستی گشتی و سیاسیدا نەبینێتەوە:

**مشکێک پلێتەی چراکەمانی قووت دا**
**باڵی لێ ڕووا**
**هاوار، هاوار، ئێستا**
**هەموو ڕووناکیی ئێمە**
**لەناو چاوی شەمشەمەکوێرەدایە!** *ل١٧*

د. کەمال، لە "پەنجەرەکان... لەناوەوە..."دا، کاتێ پڕ بە خەم و کارەسات، بۆ سۆراخی هەڵەبجە دەگەڕێت، دەڵێت:

**ئەمشۆ هەموو ڕەشەبای مەرگ**
**بۆ سروەیەکی ژیان گەڕام**
**ئەمشۆ گشت فەرهەنگی دنیا**
**بۆ پێناسەی تاوان گەڕام**
**ئەنفال... ئەنفال**
**ئەنفال... ئەنفال**
**ئەمشۆ بۆ چاوی شارەکەم،**
**چاوی کوێری جیهان گەڕام** *ل٣٤*

د. کەمال، وەکوو کەڵەنووسەر و خاوەنبیری نوێخوازی، وەکو مرۆڤی مرۆڤخواز، وەکو کوردێکی هەقیقەتناس، بە چەند وشەیەکی کورت و پڕواتا، لە شیعری پێناسەدا، لە ناساندنی تێرۆریستانی ملۆزمی ژیانی ئاسوودەیی ئەمرۆی دنیا، دەڵێت:

**ڕەتکوژ، کۆکوژ، خۆکوژ... ئەمەیە تێرۆریست**

د. کەمال لە زۆربەی شیعرەکانی ئەم کۆمەڵەیەشدا، وەکو هەڵە و پەڵە، هەڵەتەڕێ لە سیاسەتمەداران و لە ڕۆشنبیران و نووسەرانمان قبووڵ ناکات و بەتوندی هەڵوێستیان لێ وەردەگرێت، بەڵام لەوەش زیاتر باوەڕێکی پتەوی هەیە بە پەندی هەرە پێشینەی کوردەواری کە باس لە دار و پواز و تەور و دار دەکات، بۆیە لە شیعری «تەور و دەسک»دا هاوار دەکات:

**کاتێ تەور دادەباری**
**بەسەر قەدی داربەڕوودا**
**دڵی گەورەی دادەتاشی**
**ئەوەی کە داربەڕووی ڕەقاند**
**دەمی تیژی تەور نەبوو**
**دەسکی لووس بوو**
**کە لە خۆی بوو..** *ل١٤*


کاک کەمال، هەرچەندە وەکو زۆربەی ڕۆشنبیرانی بەهەڵوێست، هەست بە تەنیایی و تەنیاباڵی دەکات:

**تەنیام لەناو ملیۆنانا**
**تەنیام لە حزوری یەزدانا**
**تەنیام لە خەمی خەندەدا**
**تەنیام لە خەندی گریانا**
**تەنیام لە جەنجاڵی جاددە**
**تەنیام لە بزاڤی بیابانا...**
*تەنیایی ڕەها ل٨٨*

بەڵام هەمیشە بە ئومێدەوە و هەرگیز نووچ نادا و خۆی ناداتە دەستی پاییز و ناکامی و هێرشی نەیارانی:

**ڕوخسارم گرتی ڕەنگی بەهارێ**
**پاییز نەیتوانی هەڵی وەرێنێ**
**دڵم خۆشییەک باوەشی پیا کرد**
**هیچ ناکامییەک دایناملرکێنێ**
**ورەیەک ئێستا هاوڕەگی ڕۆحمە**
**شالاوی قەدەر قەت نایڕەتێنێ**
*ڕوخسار و بەهار ل١٩*

*پەنجەرەکان... لەناوەوە... شیعری کەمال میراودەلی، لە بڵاوکردنەوەی kurdacademia، لەندەن، ٢٠٠٥، ١٠٠ لاپەڕە.*




ڕانانی کتێب: ئالان سوڵتانی

# عێلی بارزان

محمد علی سلطانی، اوضاع سیاسی اجتماعی تاریخی ایل بارزان، به انضمام اسرار ایل بارزان نوشته اسماعیل اردلان، سازمان اسناد و کتابخانه ملی جمهوری اسلامی ایران، تهران ۱۳۸۳ [۲۰۰٤]، فارسی، ٦٧٧ لاپەڕە.

کورد هەرگیز ئارشیوێکی نەتەوایەتی نەبووە و بەختی ئەوەشی نەبووە دەستاوێژ و بەڵگەی سیاسی ــ کۆمەڵایەتی ــ ئابووریی خۆی لای خۆی بپارێزێت. ئەم ئەرکە لە ماوەی دوو سەدەی ڕابوردوودا کە چەمکی ئارشیوی حکوومی لە ئەورووپاوە گەیشتۆتە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، هەمیشە دوژمن و داگیرکەرانی خاکەکەی ڕایانپەڕاندووە و کورد گوتەنی: "قەڵەم بە دەست دوژمنەوە بووە."

لەناو ئەو وڵاتانەی کوردی تێدا دەژین، دەبێ تورکیا و ئێران زیاترین بەڵگەنامەی مێژووییان لەسەر کورد هەبێت. تورکیا، کە بە هۆی سیاسیەتی توندوتیژی پاکتاوی نەتەوایەتییەوە تەنانەت وشەی کوردیشی لە قامووسی سیاسیی خۆی دەرهاویشتووە، کەم تا زۆر، هیچ هەوڵێکی ڕاستەوخۆی بۆ بڵاوکردنەوە و ئاشکراکردنی بەڵگەنامەی سەبارەت بە کورد نەداوە هیچ، دەرگای ئارشیوەکانی خۆی لە توێژینەری سەربەخۆش داخستووە و نەیهێشتووە ئەو ڕازە سەربەمۆرە لە هیچ کوێیەک بکرێتەوە.

ئێران لەم بوارەدا هەنگاوێک لە پێش تورکیاوەیە و سەرەڕای نەهێنێ ڕاگرتنی بەڵگەنامەکان و بەرگری لە دەستڕاگەیشتنی خەڵک پێیان، لە هەندێ قۆناغی تایبەتی سیاسیدا ڕچەشکێنی کردووە و بۆ ئامانجی تایبەتی سیاسی ــ کە لە بەرژەوەندیی خۆیدا بووە، ژمارەیەک بەڵگەنامەی دیاریکراوی بڵاو کردۆتەوە، یاخود ئیجازەی بڵاوکردنەوەی داون.

تا ئەو جێیە من بیزانم یەکەم کۆمەڵەبەڵگەنامە کە حکوومەتی تاران لەسەر بارودۆخی سیاسیی ناوخۆی ئێران و سنووره ڕۆژئاواییەکانی وڵات بڵاوی کردبێتەوە، ئەو بەڵگەنامانە بوون وا لە ماوەی شەڕی یەکەمی جیهانیدا بە ناوی «کتێبی سەوز» و بە فارسی لە تاران بڵاو بوونەوە و پاشان تەرجەمەی فەرەنسییەکەیان ئاراستەی کۆنگرەی ئاشتی لە پاریس کرا (١٩١٩). بە هۆی ئەو ڕاستییەوە کە کێشە و هەرای شەڕی یەکەمی جیهانی زیاتر لەسەر سنووره ڕۆژئاوایی و باشوورییەکانی ئێران بوو و بەشی زۆری ئەو سنوورانەش شوێنی ژیانی کوردن، گەلێک لە بەڵگەنامەکان پێوەندیان بە کورد و کوردستانەوە هەیە.[١]

لە سەردەمی حوکمی پەهلەویدا، من بە هەواڵی هیچ کۆمەڵەبەڵگەنامەیەکی حکوومی نازانم بڵاو بووبێتەوە و حکوومەتی پەهلەوی باوک و کوڕ لەم بوارەدا سیاسەتێکی قرقەپی قورس و قایمیان ڕەچاو کرد.

حکوومەتی مەلاکان سەرەڕای ئەو ڕاستییەی کە لە سەرکوتکردنی ئازادی و کوشتوبڕی ئازادیخوازاندا چەندین هەنگاو لە شا کەوتە پێش، بەڵام هەر لە پێناو بەرژەوەندییەکانی خۆیدا دەستی دایە بڵاوکردنەوەی بەڵگەنامەی سیاسی و گەلێک جاریش بۆ لێدان و بەدناوکردنی ناحەزان بەڵگەنامەکانی بە کار هێنا.

کارەکە، بە گیرانی باڵوێزخانەی ئەمریکا لە تاران لە ساڵی ١٩٨٠دا دەستی پێکرد کە لە ئەنجامدا دەیان بەرگی پڕلاپەڕەی بەڵگەنامە فەرمییەکانی حکوومەتی ئەمریکا و باڵوێزخانەی تارانیان بڵاوکرانەوە و لای کەم دوو بەرگیان لە پێوەندی کوردستان و هەندێ کەسایەتیی کورددا بوون.[٢]

ئاشکراکردنی بەڵگەنامەی سیاسی لە ئێران، بە بڵاوبوونەوەی حەوت بەرگ کتێب بە ناوی گزیده اسناد سیاسی ایران و عثمانی (١٩٩٦) گەیشتە قۆناغێکی نوێ. سەدان نامە و لێکۆڵینەوە و بەیان و ڕاپۆرتی سیاسی لەم زنجیرە کتێبەدا گردوکۆ کراون کە بەشێکی گەلێک بەرچاویان سەبارەت بە کوردستان و کوردن.[٣]

دوابەدوای ئەو، لە ساڵی ١٩٩٩دا سێ بەرگ کتێبە بە ناوی «چپ در ایران به روایت ساواک» لە تاران بڵاو بوونەوە کە بەرگی یەکەمیان تایبەت بە حزبی دیموکراتی کوردستان کرابوو و ژمارەیەکی زۆری بەڵگەنامەی ساواکی لەسەر حزب و ئەندامان و لایەنگران و چالاکییەکانی تێدا خرابووە بەر چاو.[٤]

ئەو کتێبانەی تائێستا باسیان لێوە کرا، هەموویان لە لایەن دامودەستگای حکوومی ئێرانەوە ڕاستەوخۆی بڵاو بوونەتەوە، بەڵام وا بۆ یەکەم جار ئیجازە بە تاکەکەسیش دەدرێت دەستی بە بەڵگەنامەکان ڕابگات و بە ناوی خۆی بڵاویان بکاتەوە، نەک هەر ئەوەش بەڵکو دەستگایەکی حکوومی بۆی بڵاو بکاتەوە.

لە ساڵی ٢٠٠٤دا توێژینەری زەحمەتکێشی کورد کاک محمد عەلی سوڵتانی بەرگێک کتێبی بە ناوی «اوضاع سیاسی اجتماعی تاریخی ایل بارزان» بڵاو کردەوە. کتێبەکە ٦٧٧ لاپەڕەیە و کۆی ٤٦٦ بەڵگەنامەی پێوەندیدار بە کۆماری کوردستان و شۆڕشی ئەیلوولی تێدا بڵاو کراوەتەوە؛ نامیلکەیەک بە ناوی «اسرار بارزان» نووسینی دوکتۆر ئیسماعیل ئەردەڵانیشی لەگەڵ خراوە. کتێبەکەی ئەردەڵان، لە سەردەمی کۆماری کوردستان لە ساڵی ١٩٤٦ لە ڕۆژنامەی کوهستان چاپی تاراندا وەک زنجیرەوتارێک بڵاو بووەوە و پاشان بە شێوازی نامیلکە هەر لە هەمان ساڵدا چاپ کرا و ئێستاش وەک فایلێکی سەربەخۆی دراوەتە دەم کتێبەکەی کاک محەممەد عەلی (لل٥٣ تا ١٠٨)

کتێبەکە بە سەرەتایەک دەست پێ دەکات کە سوڵتانی خۆی نووسیویە و تێیدا سەنگ و سووکی هەندێ سەرچاوەی کۆنی فارسی و غەیرەفارسی دەکات بۆ دۆزینەوەی بنەمای وشەی «بارزان» (لل ٢ تا ١٦) و لەئەنجامدا، بێ ئەوەی بۆچوونێکی لێبڕاوی ڕوون ڕابگەیێنێت، خوێنەر دەگەیێنێتە ئەو ئاکامەی کە لەنێوان وشەی بارزان و چیاکانی «بارز» لە کرمانی باشووری ڕۆژهەڵاتی ئێران نزیکییەکی زۆر هەیە و بە گەلێک بەڵگەش دەیسەلمێنێت کە "زۆربەی زۆری مێژوونووسان دانیشتوانی چیاکانی بارزیان بە کورد نووسیوە" و ناسیوە (ل١٢)، کە وابوو بەگوێرەی بۆچوونی ئەو، بارزانییەکان وا هەیە لە بنەڕەتدا دانیشتووی ئەو شوێنە بووبێتن و لەم پێوەندەدا بۆچوونی نووسەری «نخبه الدهر» دێنێتەوە کە لە باسی خەڵکی «بارز»ی کرماندا دەڵێت: "ئەوان کوردن و بە ژمارە زۆر، لە بێ باکی و ئازایەتیشدا کەم وێنە."(لل ١٥ و ١٦)

پاشان باسی شوێنی ئێستاکەی ژیانی بارزانییەکان دەکات و لە چوار تیرەی سەرەکی عێلەکە دەدوێت (بەڕۆژی، مزوری، دۆڵەمەڕی و شیروانی). ئەمجا دەچێتە سەر مێژووی سیاسیی بارزان و لە مەسعوودی یەکەم و شێخ عبدالرحمانەوە دێت تا شێخ عبدالسلام و شێخ طه و شێخ محەممەد و شێخ ئەحمەد و لەئەنجامدا، نەمر مەلا مستەفا. لە پێوەندی ژیانی شێخ ئەحمەد و

مەلا مستەفاشدا کورتەیەک لە ڕاپەڕینی بارزان و چوون بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستان و بەشداریی لە پاراستنی کۆماری کوردستان (١٩٤٦) لە مەهاباد باس دەکات. بەشی کۆتایی سەرەتاش تەرخانی باری کۆمەڵایەتیی عێلی بارزان کراوە.

لەم سەرەتایەدا نووسەر لە عەینی دڵسۆزی نواندن و لایەنگریکردنی کێشەی کورد، لە پێداهەڵگوتن و شێوازی نائوسووڵی تۆیژینەوە دوور کەوتۆتەوە کە بەداخەوە ئێستا لە باشووری کوردستان بۆتە «پەتاپیسە» و زۆرێک لە نووسەر و توێژێنەران لە هەردوو حکوومەتی هەرێمدا بە شاخ و باڵی مەسئوولانی حزبی و حکوومیی کورددا هەڵدەڵێن. بەڵام وەک لە کارەکانی دیکەی نووسەریشدا دەردەکەوێت، لێرەشدا نووسەر، خەمی «ئێرانی مەزن» دەخوات کە پەرش و بڵاو بۆتەوە و ڕۆڵەکانی کەوتوونەتە خاکی وڵاتانی دیکە، بەڵام هێشتا «ڕێز لە پەیکەری گەورەپیاوانی کولتوور و ئەدەبی فارسی وەک بنەما و سیمبولی شارستانیەت و کولتووری خۆیان دەگرن... و مامۆستایان و بلیمەتانی بەڕێزیان درێخی لە ساغ کردنەوە و ڕێک خستنی ژیاننامە و شوێنەوار بە زمانی فارسی ناکەن و ئێستا لە کوێرەدێی دوورەدەستیاندا بە شیعری حافز هەڵدەپەڕن و حیکایەتی شاهنامەی حەکیم [فیردەوسی] تووسی، حیکایەتەکانی گوڵستانی شێخی مەزن [سەعدی] و خەمسەی نیزامی [گەنجەیی] بەسەر دڵی مایل بە دایکی هەر هەموویاندا حکوومەت دەکات..."(لل ١ و ٢)

لەگەڵ ئەوپەڕی ڕێزمدا بۆ کەسایەتی و ئەرک و خزمەتی بێوچانی نووسەر، هیوادارم خزمەتکارانی ڕاستەقینەی گەل و یەک لەوان مامۆستا سوڵتانی بە هەڵوێستی مەترسیداری ئەوتۆ کورد و کولتوور و زمانەکەی نەکەنە پەراوێزی دراوسێ نەمیهرەبانەکانمان و بە ناوی «ماڵی باوان»ەوە نەمانخەنە گەرووی بێگانە و کوردخۆرانەوە. قۆناغی ئێستای خەباتی کورد گەلێک گرنگە و هەمووان دەبێت یارمەتی سەرکەوتنەکانی ئەم دواییانە بدەین و گەلەکەمان لە پەراوێز بوون ڕزگار بکەین.

بەشی دووەمی کتێبەکە (لل ٥٣ تا ١٠٨) هەمان نامیلکەیە، کە ٦٠ ساڵێک پێش ئێستا دوکتۆر ئیسماعیل ئەردەڵان بە فارسی نووسیویە و لە ڕۆژنامەی کوهستان چاپی تاران (ساڵی ١٩٤٦)دا بڵاوی کردۆتەوە و پاشانیش کردوویەتی بە نامیلکەیەکی سەربەخۆ.

دۆخی ڕۆژنامەی کوهستان و کەسایەتیی ئەردەڵان لە گێژوگومیدا ماونەتەوە و کاریان لەسەر نەکراوە. ڕۆژنامەکە لە سەردەمی کۆماری کوردستان و لە گەرمەگەرمی بازاڕی کوردایەتیدا لە تاران بڵاو دەبووەوە و ئاشکرایە پەسندی حکوومەتی ئێرانی لەسەر بوو، کە دەیویست ئالترناتیڤێک بۆ هێڵی گشتیی کۆمارخوازی و سەربەخۆیی کورد کە لە مەهاباد و بە گشتی لە کوردستان پەیڕەو دەکرا بخوڵقێنێت و بەشێک لە بیروبۆچوونی خەڵک بۆ لای خۆی بکێشێت کە تێیدا، مانەوە و بەردەوامیی پێوەندی کورد لەگەڵ ئێران خاڵی سەرەکی بوو. ڕۆژنامەکە لە عەینی نووسینی بابەت لەسەر کوردستان و تەنانەت هەندێ شیعر و وتاری کوردی و یارمەتیوەرگرتن لە ناوی گەورەپیاوانی وەک ئیحسان نوری پاشا، هەرگیز بە لای بڤەیەکی وەک کۆماری سەربەخۆی کورددا نەدەچوو.

دوکتۆر ئیسماعیلی ئەردەڵانیش بە ڕوواڵەت وەک هەڵگر و بەڕێوەبەری ئەو سیاسەتە سەیر دەکرێت بەڵام من لە وتارێکی کاک ئەحمەدی شەریفیدا خوێندمەوە کە ئەردەڵانی وەک ئەندامی کۆمەڵەی ژێکاف ناساندبوو.(٥) ئەگەر بۆچوونەکە ڕاست بێت دەبێت بێینە سەر ئەو باوەڕەی کە ناوبراو خاوەنی هەڵوێستێکی شەخسی بووە کە جیاواز بووە لە هەڵوێستی ئاشکرای ڕۆژنامەکە. هەر چۆنێک بێت نامیلکەکەی دوکتۆر ئیسماعیل کە وا جارێکی تر لە دووتوێی کتێبەکەی کاک محەممەد عەلی سوڵتانیدا چاپ بۆتەوە (اسرار بارزان)، بە هەر پێوانەیەک بیپێوی، بابەتێکی سەرنجڕاکێش و بەناوەڕۆکە و لە پەسندی شۆڕشی بارزان و شەخسی مەلا مستەفادا نووسراوە. وا هەیە بتوانین بڵێین کە تەنانەت تا ئەمڕۆش هیچ نامیلکە و کتێبێک بە زمانی فارسی نەنووسراوە کە بە ڕادەی «اسرار بارزان»ی دوکتۆر ئیسماعیلی ئەردەڵان ڕاست و بێ درۆ و ڕێکوپێک بێت و ڕاستەقینەی خەبات و تێکۆشانی ئەو هۆزە مەزڵوومەی مێژووی دەرخستبێت. یادی ئەردەڵان بە خێر و دەستی سوڵتانیش خۆش بێت کە بەختی خوێندنەوەی بابەتەکەی بە خوێنەری ئەمڕۆی زمانی فارسی دا.

بەڵگەنامەکان، واتە ناوەڕۆکی سەرەکیی کتێبەکەی کاک محەممەد عەلی سوڵتانی لە لاپەڕە ١٠٩ەوە دەست پێ دەکەن و لە لاپەڕە ٥٨٥دا کۆتاییان پێ دێت. لە سەرجەمی ٤٧٦ لاپەڕەدا، سوڵتانی ٤٦٦ بەڵگەنامەی ورد و درشتی بڵاو کردۆتەوە.

بەگوێرەی ڕاگەیاندنی لاپەڕە ٥١ی کتێبەکە، ئەو بەڵگەنامانە لە ئارشیوی «سازمان اسناد ملی ایران» وەرگیراون. نووسەر ناوی هەندێ ناوەندی دیکەشی هێناون کە ڕوون نییە ئایا بەشێکن لە هەمان «سازمان اسناد ملی ایران» یاخود ئەوانیش بوونی سەربەخۆ و شوێنی سەربەخۆیان هەیە:

ـ مرکز اسناد انقلاب اسلامی

ـ مرکز اسناد ریاست جمهوری

ـ مرکز اسناد تاریخ معاصر ایران

ـ مرکز اسناد وزارت امورخارجه [ایران]

پاشان نووسیویەتی کە بەڵگەنامەکانی «وەزارەتی اطلاعات»ی ئێرانیش "کە لە درێژەی ئەو بەڵگەنامانەدا بوون" کەڵکیان لێ وەرگیراوە.(٦)

لە سەرەتای ئەم بەشەدا لیستەیەکی بەسوود بە ناوی «فهرست موضوعی اسناد» ئامادە کراوە کە کورتەی ناوەڕۆکی هەر کام لەو ٤٦٦ بەڵگەنامەیەی بۆ ئاگاداریی ئەو کەسانە ڕاگەیاندووە وا بۆی هەیە بیانەوێت خێراتر بە ناوەڕۆکی کتێبەکەدا بچنەوە. خۆزگە کاک محمد عەلی دەیتوانی لەم بەشەدا بابەتە هاوچەشنەکان لەگەڵ یەکتر کۆ بکاتەوە و یارمەتیی خوێنەر بدات کە بێ ئەوەی هەموو جارێک بە سەرجەمی ئەو لیستە ٤٠ لاپەڕەییەدا بچێتەوە، ڕاستەوخۆ بچێتە سەر بابەتە خوازراوەکەی خۆی.

بەشی کۆتایی کتێبەکە ٢٠ لاپەڕە وێنە، ١٢ لاپەڕە نموونەی بەڵگەنامەکان، ١٦ لاپەڕە ژیننامەی کەسانی وەک شێخ ئەحمەدی بارزانی، تەیمووری بەختیار، جەلال تاڵەبانی، جەمال عەبدولناسر، شێخ خالد نەقشبەندی، ڕەحیم سەیف قازی، شێخ ڕەشیدی لۆلان، عبدالرحمان قاسملو، عبدالکریم قاسم و... ئەو کەسانەی تێدایە کە لە بەڵگەنامەکاندا ناویان هاتووە، هەروەها پێڕستێکی ٢٢ لاپەڕەیی لە ناوی کەسان و شوێن و عێل و حزب و چاپەمەنی ناودێرکراوی کتێبەکەی تێدا گونجاوە. ڕوون نییە ژیننامەکان لە بەڵگەنامەیەک ڕاگوێزراون یا نووسینی کەسێکن.

بەڵگەنامەکان، بەگشتی، ئەم شێوازەیان تێدا ڕەچاو کراوە:

١- هەواڵێک سەرەتا لەلایەن هەواڵدەر یا جاسووسێکەوە گەیشتۆتە دەستگایەکی حکوومی و لەوانە، ساواک، شەهرەبانی (واتە پۆلیس)، جاندارمەری و باڵوێزخانە یان کۆنسوولیەتێکی ئێران لە دەرەوەی وڵات.

٢- ئەو دەستگایە ڕاپۆرتێکی لەسەر ئەساسی هەواڵەکە (ڕاست یا درۆ) ئامادە کردووە و ناردوویەتی بۆ دەستگایەکی سەرەوەتری خۆی. بۆ نموونە، شەهرەبانی یا جاندەرمەری مەهاباد بۆ ناوەندی ئوستان واتە ورمێ و ئەوانیش بۆ شەهرەبانی کوللی ئێران لە تاران، یاخود ساواکی بانە بۆ ساواکی سنە و ئەوانیش بۆ ساواکی تاران؛ یا کۆنسولیەتی ئێران لە کەرکووک بۆ باڵوێزخانەکەیان لە بەغدا و ئەوانیش بۆ وەزارەتی کاروباری دەرەوەی ئێران لە تاران.

٣- بەگوێرەی گرنگایەتیی مەسەلەکە، وەزارەتخانەکانی تاران فەرمانی بەڕێوەبردنی هەندێ ئەرکیان بە خوارەوەتر داوە یان داوایان لێ کردوون لە فایل و ئارشیوی تایبەتدا ڕایانگرن، یا هەندێ جاریش بە شایان ڕاگەیاندوون.

یەکەم بەڵگەنامە هی ڕۆژی ٤/٥/١٣٢٤ [٢٦/٦/١٩٤٥]ە و بریتییە لە ڕاپۆرتێکی سەرۆکی شەهرەبانی کوللی وڵات بۆ سەرەکوەزیر و وەزیری ناوخۆی ئێران کە

تێیدا گوتراوە: "بەگوێرەی تێلگەرافی رەمزی ژمـــارە ٢٨١-٣-٢٥/٤ی شـــەهرەبانـی [ئوستانی] کوردستان، کە ئەویش لەسەر ئەساسی ڕاپۆرتی شەهرەبانی سەقز ئامادە کراوە، پێتان ڕادەگەیێنین کە:

١- قاضی محەممەدی موهاجری [وا هەیە «مەهابادی» بێت.](٧)، ڕۆژی ٣١ی خورداد [٢١ی جوون] چوە بۆ تاران و سەعات ١٤ی هەمان ڕۆژیش تیمسار رەزم ئارا [وەزیری بەرگریی ئێران] بە فڕۆکە لە سەقزەوە چۆتە تاران.

٢- هەموو سوارە و تفەنگچی بارزانی کە لە گوندی دەوروبەری سەقز بوون، گەڕاونەوە گوندی «سەرا» کە سێ فرسەخ لە سەقزەوە دوورە و لە خاکی مەهابادداییە.

٣- غەفوور شافعی خەڵکی سەقز و کارمەندی پێشووی [دائیرەی] دارایی شارەکە، هەڵاتوە و لەگەڵ هێزەکانی دیموکرات کەوتوە."

دوایین بەڵگەنامەش هەواڵێکی ساواکە بەڵام ڕوون نییە لە کام دائیرەی ساواکەوە بۆ کامەی دیکەیان نێرراوە. ئەوەش دەقی هەواڵەکەیە:

"لە ڕۆژی ٧/٨/٢٥٣٦ [ی شاهەنشاهی = ٢٩/١٠/١٩٧٧] ژمارەیەکی سی کەسی لە لایەنگرانی جەلال تاڵەبانی هەندێ چەکیان لەسەر سنووری تورکیا لە جەلال تاڵەبانی وەرگرتوە و لە کاتی گەڕانەوە بۆ ناوچەی پشدەری عیراق کەوتوونەتە بۆسەی لایەنگرانی مەلا مستەفاوە و لە ئەنجامی پێکدادان، دوو کەس لە لایەنگرانی جەلال تاڵەبانی کووژراون و هەموو چەکەکانیشیان لێ زەوت کراوە."

لە پەراوێزی بەڵگەنامەکەشدا هاتووە:

هەڵسەنگاندنی هەواڵ: بۆ لێکۆڵینەوە و توێژینەوە دەبێت.

سەرچاوە: ضد اطلاعات و ساواک

تەئریخ: ١٥/١/٢٥٣٦ [٤/٤/١٩٧٧] [لەگەڵ تەئریخی سەرەوە یەک ناگرێتەوە.]

عینوان: ئێران و عیراق

... پێشمەرگەی کوردی عیراقی زیاتر لە ناوچەیەک بە ناوی هلال ئاباد کە لەگەڵ [؟] شێخان مەودایەکی کەمی هەیە دامەزراون.

هەڵسەنگاندنی هەواڵ: بۆی هەیە ڕاست بێت.

بەم پێیە بەڵگەنامەکان هی ماوەیەکی ٣٢ ساڵ و چوار مانگ و ٣ ڕۆژەی نێوان ١٩٤٥ و ١٩٧٧ن و دوو سەرهەڵدانی گرنگی مێژووی هاوچەرخی کوردیان گرتۆتە بەر: کۆماری کوردستان (ساڵی ١٩٤٦) و شۆڕشی ئەیلوولی (١٩٧٥-١٩٦١). بەڵگەنامەکان هەروەها مەودای نێوان ئەو دوو سەرهەڵدانە پڕشنگدارەیان پڕ کردۆتەوە، ئەو سەردەمی وا بە خەباتی کوردی ئێران لە ماوەی پێش کۆدیتای ٢٨ی گەلاوێژی ١٩٥٣ و ڕاپەڕینی جوانڕۆ، چالاکییەکانی وەڤدی کورد لە پاریس، خەباتی حزب و ڕێکخراوە و کەسایەتییە کوردەکان لە باشوور و ڕۆژهەڵات... نەخشێنراوە.

بەداخەوە درێژبوونەوەی وتارەکە دەرەتانی ئەوەم پێ نادات بەشێک لە بەڵگەنامەکان وەربگێڕمەوە سەر کوردی و لێرەدا بیانهێنم، بەڵام کتێبەکە خۆی لەبەر دەستی هەموواندایە و هیوادارم وەریش بگەڕێتە سەر کوردی.

لەکۆتاییدا پێویستە دەستنیشانی چەند خاڵێک بکەم:

١- بەشێک لە بەڵگەنامەکانی ئەم کتێبە پێشتر لە کتێبی «چپ بروایت ساواک»دا بڵاو بوونەتەوە، بەڵام ئاماژەیان پێ نەکراوە.

٢- دەوری چەپەڵی ساواک و ڕژێمی ئێران لە هاندانی کورد و ئاژاوەنانەوە بۆ عیراق و حکوومەتی عەبدولکەریم قاسم لەم بەڵگەنامانەدا بەباشی دەردەکەون.

٣- ساواک و ڕژێمی شا لە عەینی ئەوەدا بە ڕواڵەت لایەنی کورد لە بەرانبەر قاسمدا دەگرن، یەکەم دوژمنی کوردیشن و بە هەموو شێوەیەک هەوڵی دووبەرەکینانەوەی نێو کوردان دەدەن بۆ ئەوەی خۆیان کەڵکی لێ ببینن. ئەوەش نموونەیەک لە هەڵوێستگرتنەکەیان لە ڕاپۆرتی ژمارە ٢٦٤ (ل٣٥٩)دا کە ساواک لە ڕۆژی ٩/٢/١٣٤٠ [٢٩/٤/١٩٦١]دا هەواڵی شەڕ و تێکگیرانی دوو هۆزی کورد لە دەوروبەری مووسڵی پێ دەگات و لە کۆتایی ڕاپۆرتەکەدا دەنووسێت: "بۆچوون: ئەم چەشنە نێوان ناخۆشی و پێکدانانە هەرچەندە زیاتر بێت، دەبێتە هۆی لاوازبوونی حزبی پارتی و بەرگری لە چالاکیەکانی مەلا مستەفا و لایەنگرانی حزبەکەی."

ئایا کورد لەو ڕاستییە زەقە دەرس وەرناگرێت کە دوژمنەکانی خەونی چی بۆ دەبینن؟ ئایا شەڕی براکوژی جارێکی تر دوژمن شادمان ناکات؟

٤- ئێستا دوای ئەو هەموو ساڵە بۆمان دەردەکەوێت کە جاسووس و هەواڵدەرانی ساواک چەندە درۆزن و فێڵباز و ناڕاست بوون. زۆربەی زۆری هەواڵەکان ناڕاستن و ساواک کە خۆی بە ئاگادار و زانای هەموو ڕووداوێک دەناساند، لەوپەڕی بێخەبەری و نەزانیدا بووە و هەواڵەکانی بە زەربی قەمچی و هەڕەشە لە خەڵک وەرگرتوون. ئەوانیش زۆر هینیان بە کڵاویان نەپێواوە و زۆرجار لە درۆ زیاتریان پێ ڕانەگەیاندوون.

٥- کتێبەکە بەداخەوە هەڵەی زۆری تێکەوتووە. لە هەڵەی نووسراوەکانەوە تا تەنانەت وێنەی سەرەکعەشیرەیەک کە بە مەلا مستەفای بارزانی ناسێنراوە و دیارە ئەوانەش هەر هەڵەی ساواک و دامودەستگای حکوومەتی شای شاهانن نەک تاوانی کاک محەممەد عەلی.

٦- زۆرێک لە بەڵگەنامەکان ڕوون نەکراونەتەوە لە کام دائیرەوە بۆ کوێ نێرراون و بۆ نموونە، تەنیا گوتراوە هی ساواکن.

هیوادارم لە چاپی دووەمی کتێبەکەدا ئەم کەموکووڕییانە بنەبڕ بکرێن.

پەراوێزەکان:

(١) کتێبی سەوز لە دوو بەرگدا بڵاو کرایەوە و لە ساڵانی زۆر درەنگتردا چاپی دووەمی هەردوو بەرگەکە پێکەوە چاپ و بڵاوبووەوە:

- بیطرفی ایران، مراسلات و مذاکرات متعاطیه بین دولت علیه و دول خارجه از بدو وقوع جنگ بین الملل [اول] در سنه ١٣٣٢ هجری [قمری] مطابق با ١٩١٦ مسیحی، جلد اول، طهران، سنه ١٣٣٦ [هجری قمری]، مطبعه روشنائی، خیابان علاء الدوله (فارسی).

- بیطرفی ایران، متمم شش ماهه اول کتاب سبز، طهران ١٣٣٧ [هجری قمری]، در مطبعه کلیمیان طهران بطبع رسید (فارسی).

- کتاب سبز، چاپ دوم، مقدمه رضا قلی نظام مافی، نشر تاریخ ایران، پائیر سال ١٣٦٢ [١٩٨٣]، طهران، (فارسی).

بڕوانە: پەیڤ، مەڵبەندی ڕۆشنبیری، کوردی، لەندەن، ژمارە ١٥، فیبریوەری ١٩٩٢، ل ١٤٢٩ تا ١٤٤٩

(٢) اسناد لانە جاسووسی امریکا، دانشجویان خط امام، جلد ٣١ و ٣٢، ١٣٦١ [١٩٨٢]، تهران، فارسی. کتێبەکە، بڵاوکراوەی «دانشجویان مسلمان پیر و خط امام»ە کە یەکەمی ٢٢٢ لاپەڕەی فارسی و ١٤٩ لاپەڕەی ئینگلیزییە. من کورتەی بابەتەکانی بەرگی ٣١م وەرگێڕاوەتە سەر کوردی، بەڵام بڵاو نەکردۆتەوە.

(٣) گزیدە اسناد سیاسی ایران و عثمانی، واحد نشر اسناد، دفتر مطالعات سیاسی و بین المللی وزارت امور خارجە ایران، جلد اول ١٣٦٩ [١٩٩٠ز]، جلد هفتم: ادارە انتشار اسناد، بە کوشش محمد حسن کاووسی عراقی، ١٣٧٥ [١٩٩٦]

بڕوانە: ئەنوەری سوڵتانی، گوڵبژێری بەڵگەنامە سیاسییەکانی ئێران و عوسمانی، ڕابوون، ژمارە ٢٤، ساڵی ١٩٩٨؛ پێشتریش لە گۆڤاری مامۆستای کورد، چاپی سویدیدا، بەرگی ١ تا ٤ی کتێبەکە ناسێنرابوو. بڕوانە: ئەنوەری سوڵتانی، گوڵبژێری بەڵگەنامە سیاسییەکانی ئێران و عوسمانی (١٩٠٦-١٧٩٦)، مامۆستای کورد، سوید، ژمارە ٢٢، ساڵی ١٩٩٤، لاپەڕە ٥٠ تا ٥٨

(٤) چپ در ایران بە روایت اسناد ساواک، حزب دموکرات کردستان ایران، جلد اول، مرکز بررسی اسناد تاریخی وزارت اطلاعات، تهران، ١٣٧٨ [١٩٩٩]، فارسی، ٤٩١ صفحە و چند سند.

ئەنوەر سوڵتانی لەسەر ئەم کتێبە هەڵسەنگاندنێکی کورتی لە بەرنامەی ڕۆژی ١٤/٤/٢٠٠ی دەنگی کوردی ڕادیۆ ئەمریکاوە بڵاو کردەوە.

(٥) ئەحمەدی شەریفی، گۆڤاری گزینگ، سوید.

(٦) کاک محەممەد عەلی سوڵتانی لە نامەی ڕۆژی ٢٥/٤/٢٠٠٥ی خۆیدا بۆی ڕوون کردمەوە کە ئەو دامودەستگایانە لێک جیاوازن و هەر کام شوێنی سەربەخۆیان هەیە.

(٧) سەبارەت بەوەی کە ئایا ناوی فامیل واتە surenameی پێشەوا قازی محەممەد موهاجیری بووە یان نا پرسیارم لە بەڕێز کاک حەسەنی قازی کرد. کاک حەسەن تەئییدی کرد کە شتی وا نەبووە و ئەم وشەیە لە هەڵە زیاتر هیچ نییە.

## گۆڤاری شاکار




ژماره ١٨ تا ٢١ی «شاکار»، گۆڤاری یەکێتیی هونەرمەندانی کوردستان، چاپی سلێمانی، گەیشتە کتێبخانەی مەڵبەندی ڕۆشنبیریی کوردی. گۆڤارەکە لە باری ناوەڕۆکەوە هەمەچەشنەیە: ئەدەبی (شیعر، چیرۆک، توێژینەوە)، شانۆگەری، فیلم، مۆسیقا، وێنەگری، خۆشنووسی و...

بابەتەکان زۆرێکیان دانسقە و شایانی خوێندنەوەن، چ ئەوانەی وا خۆماڵین و بە کوردی نووسراون، چ ئەوانەش وا تەرجەمە کراون. وەرگێڕاوەکان بەگشتی لە زمانی ئینگلیزی، عەرەبی و فارسین، بەڵام تەرجەمەی زمانەکانی تریشی تێدا بەر چاو دەکەوێت، ئەگەرچی هەندێ جار سەرچاوەکان بە ڕوونی ڕانەگەیێنراون.

ناوەڕۆکی نووسراوەکان لە باری کۆمەڵایەتی ـ سیاسییەوە، بەرپرسانە و لە خزمەت پێشخستنی کولتووری کوردیدان، بەڵام هەندێ جار مۆتەکەی کولتوور و زمانی بێگانە بە سەریاندا زاڵە. بۆ نموونە، وتارێکی ژمارە ١٨، کە تێیدا پیکاسۆ لە شێوازە عەرەبییەکەیدا بە بیکاسۆ نووسراوە و تابلۆی ناسراوی گیۆرنیکای هەمان هونەرمەند بە جۆرنیکا ناوبراوە.

گۆڤارەکە لە ڕادەی خوێندکارانی زانستگە و قوتابییانی ناوەندیدایە و زۆرێک لە بابەتەکان نوێ و سەرنجڕاکێشن.

دیزاین و بیناکردنی کوورەکان، مۆسیقا لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا، فەلسەفە و ئێستاتیکای هێنری برگسۆن، پانۆرامای شانۆی یابانیی نوێ و...

لە ژمارە ٢١ بە دواوە کاک یاسین قادر بەرزنجی بەرپرسیاریەتیی گۆڤارەکەی گرتۆتە ئەستۆ و بۆتە سەرنووسەری.

ئێمە بە هیوای سەرکەوتنی زیاترین بۆ دەستەی نووسەرانی شاکار.

## ئاواز




ژمارە ١ تا ٥ لە ڕۆژنامەی «ئاواز»، بڵاوکراوەی تایبەت بە فێستیڤاڵی موزیکی کوردی، چاپی سلێمانی، گەیشتە کتێبخانەی مەڵبەندی ڕۆشنبیریی کوردی.

ڕۆژنامەکە باس و هەواڵی ڕۆژانەی فێستیڤاڵی موزیکی کوردی ڕادەگەیێنێت کە لە ڕۆژانی ٢٦ تا ٣٠ی مانگی ٣ی ٢٠٠٥ لە شاری سلێمانی بەڕێوە چوو و تێیدا مۆسیقار و گۆرانیبێژی کوردی هەموو پارچەکانی کوردستان بەشدارییان کرد، لە خۆراسانەوە تا قامیشلی و لە خانەقینەوە تا دیاربەکر و دەرەوەی کوردستان.

فێستیڤاڵی سلێمانی هەنگاوێکی گرنگی هونەری بوو بۆ نزیککردنەوەی هونەرمەندانی کورد لە یەکتر و ناساندنی شێوازی جۆربەجۆری هونەری کوردی بە بینەر و گوێگران.

ڕۆژنامەی ئاواز بەشێک لەم ئەرکی ڕاگەیاندن و لێکنزیککردنەوەیەی گرتۆتە ئەستۆ و لە ماوەی ڕۆژانی فێستیڤاڵەکەدا هەواڵی ڕووداوەکانی ڕۆژانی فێستیڤاڵی بە خەڵکانی ناو هۆڵی کۆنسێرت و بە هەمان شێوە بەو کەسانە ڕاگەیاندووە کە بەختی بەشداربوونی فێستیڤاڵەکەیان نەبووە.

## چاپکراوی نوێ

لە بڵاوکراوەکانی دەستگای چاپ و پەخشی ئاورا





هەنگەژاڵ: چوار چیرۆکی منداڵانە «محەمەدفەریق حەسەن»ی چیرۆکنووس لە فۆلکلۆرەوە ئامادەی کردوون.




بە تەما بووم لە تەم بدوێم
نوێترین کۆمەڵەشیعری بەڕۆژ ئاکرەیی

بەم ناوونیشانە داوا دەکرێن:
Bokförlaget Aura
Domargränd 16
129 47 Hägersten
www.aura-publishit.com
info@aura-publishit.com

# خۆشەویستی



**خەبات عارف**

گوڵئەستێرەکەی شەوانی
دڵتەقێنی نێو خێوەتی
تەنیاییم ــ تۆی
تاڵی خۆری بەربەیانی
ژینی سەخت و نەوگلارەی
بینابیم ــ تۆی
تۆی کە گوڵی دڵ ئەژاکێت
دێیت و وەکو شنەبای تیشک
باڵام لە ڕووناکی ئەگریت
شالووری پێدەشتی خەم و
شائاوازی بلوێرەکەی
نێو لێوانی
زگارییم ــ تۆی
دنیام وەکو پیرۆزەیەک
بە بەرۆکی خۆشویستنەوە
بینیوە ــ لەوەتی هەم
ڕێگای بەرەو دوا هەوار و
ترپەی دڵ و
شیرینخەونی
کۆتاییم ــ تۆی
دڵ کە مەستی چاومەستانە
بە بادەکەی چاوانی تۆ مەستتر ئەبێ و
وەک هەڵاڵە ئەکرێتەوە
مەستیی گیان و شاترووسکەی
ڕووناکایی نێو ئاسمانی
سەودابیم ــ تۆی
تۆ هەمیشە ڕووم بەرەو خۆت
وەرئەگێڕی گیانی گیانان
ناکەسی هەمیشە کەس و
هاوڕازەکەی
بێکەسییم
تۆی

٢٠٠٤/٣/٢٩

## دلێ ئەڤدال

دلێ ئەڤدال
دیسا ئیرو ب جارەکێ
ژ هزران پڕە
دکم ناکم
د چارچوڤا تەنگا سنگدا
ناسترە
ڕێڤینگەکێ بێ ئارامە
ل ناڤ باگەرا ژینێ دا
دگەرە
مەخسەد دەریا دلێ یارە
لێ ئەو ژ من دوورە
ئێدی
چارە چییە
حالێ من ڕە؟!

شیعر

## ساقی

وەرە ساقی ب جاما خوە کو دل دیسا پەریشانە
ژ جەم جەستە ناوێرە خوە ژێرە کریە بێگانە

ژ لەش سل بویە دل ئیشەڤ ئو جەستە نادەتە پەی وی
ژ هەڤ ناکەن چ تەرزی ئەو هەریەک ل جیکی میڤانە

کەرەمکە تو ب جورعەیان بەری ژان هەردوو‌ییان دێخە
تو جاما دل بنەخشینە کو خەم ئەو کریە نیشانە

ل چۆلا خەم دلێ ڕەنجور و جەستە بنگرێ دەردان
دترسم هەردوو‌ییان دەستدەم ژ بەر وان ئێش و ژانانە



بێریڤان دۆسکی

## ئەڤین

نێرگزا باغێ ئەڤینێ سەد مەرحەبا
چاڤ کو کەت بەژنا بەدەو لێ بوو سەما

دل دگۆ بەندیمە بو وی هەردەمێ
ئێخسیرکرن ل من جان و دل بە هەڤرە هەما

# ئاهەنگێك بۆ سەركەوتنە سیاسییەكانی كورد لە عیراقی نوێدا

ئامادەكردنی: مەڵبەند







هەڵبژاردنەکانی ٢٠٠٥/١/١٧ بۆ ٢٠٠٥/ ١/٣١ لە ناوەوە و دەرەوەی عـــیــراقی فیدراڵ، كۆمـەڵێك ئاقار و دەستكەوتی مـێـژوویی گرنگیان لێ كـەوتەوە، كە ئەو هەڵبـژاردنانەش بە یەكـەمین پرۆسـەی دیموكراتی لە مێژووی گەلانی عیراقدا دادەنرێن، كـــە دوور لە ترس و زەبری دیكتـــاتۆری، گـــەل توانی نوێنەری ڕاستـەقینەی خۆی هەڵبژێرێت، كە هەر ئەمـەش بووە هۆی ئەوەی مـیللەتی كورد داكۆكی لە ماف و داوا و خـواستـەكانی بكات لەسـەر ئەو بنەمـایەی كـە كـورد سەركەوتنێكی بەرچاوی بە دەست هێنا لە ناو لیستە پاڵێوراوەكاندا.

دیارە بەدەســتـــهـــێنانی پۆســتی سـەرۆككۆمـاری عـیـراق لە لایەن بەڕێز جـــەلال تاڵەبانـیـــیـــەوە و پۆســـتی چاوەڕوانكراوی ســـەرۆكی هـەرێمی كـوردســتـان لە لایەن بەڕێز مـەسـعـود بارزانییـەوە، دوو دەستكەوتی مێژوویی گـرنگن كـە بەرهـەمی ڕەنج و تێكۆشـانی دێرینەی میللەتەكـەمـان و بەری خـوێنی شـەهیـدانن، بۆیە ئەوانە دەبێت بە چاوی ڕێزەوە تێـــیـــان بڕوانرێت و بە گـــرنگ وەربگـیـــرێن. ســـەرەڕای ئەمـــەش ڕێكخستنەوەی هەردوو ئیدارەی هـەولێر و سلێـــمـــانی و پەرلەمـــانی یەككرتوو دەســــــتكەوتی تری بـەری ئەو ڕەنج و تێكۆشانەن.

بۆ ئەم مەبەستە ئێوارەی شەممە، ٢٠٠٥/ ٤/٣٠، لە كـــاتژمـــێـــر ٧-١٢ لە هۆڵی پۆرچیـــســـتــــەر (Porchester) و بە ئامـــادەبوونی زیاتر لە ٥٠٠ مـــیـــوانی دانیشتووی لەندەن كە لەنێویاندا نوێنەری حكومەتی هەرێمی كوردستان ـ هەولێر، باڵیـــۆزی عـــیـــراق و حـــزب و لایەنە سیاسییەكان و كەسایەتییە ڕۆشنبیر و ناودارەكـــان ئامـــادە بوون، ڕێكخـــراوە كـــوردییـــەكـــان بە پشـــتگـیـــریی دارایی كۆمپانیـای (B.Plan)ی كوردی بۆنەیەكی ساز كرد و دەستكەوتەكانی گەلی كوردی







وێنەکان: ئەکی بابەمیری و کاردۆ بەسیم

بەرز ڕاگرت. جێگای باسە کە کۆمپانیای (بی پلان) لە زۆربەی چالاکییە هونەری و سیاسی و نەتەوەییەکاندا هاوکاریی باشی کۆمەڵگای کوردی کردووە، کە دیارترینیان گرتنەئەستۆی خەرجی یادکردنەوەی ئەنفال و هەڵەبجەی ساڵی پار و هاوئاهەنگیکردن لە فێستیڤاڵی فیلمی کوردی و چەند بۆنەیەکی تریشن.
لە سەرەتای بۆنەکەدا هۆشیار عابد بە ناوی سەرجەم ڕێکخراوە کوردییەکانەوە بەخێرهاتنی هەموو لایەکی کرد و ئەوەشی خستە ڕوو کە کورد ساڵەهای ساڵ لەژێر جەور و ستەمی حوکمی دیکتاتۆریدا ناڵاندی و تووشی چەرمەسەرییەکی زۆر بوو، ئەمە سەرەڕای ئەوەی کە گەلی کورد بە شێوەیەکی زۆر شارستانییانە توانی بە درێژایی مێژوو ڕۆشنبیری و کولتووری خۆی هاوبەش بکات لەگەڵ میللەتانی فارس و تورک و عەرەبدا، بەڵام ئێستا کورد لە ئاستێک و لە گۆڕ و تینێکی ترەوە بەشداریی هاوبەشی دەکات لە پرۆسەی بنیاتنانەوەی عیراق و بەدیموکراتیکردنی عیراقدا کە سەرباری ئەمە بانگهێشتی ئاشتی و تەبایی و جێگیربوونی ئازادی و پێشکەوتنخوازی دەکات لە ناوچەکەدا.
دوابەدوای ئەمە بەرنامەی بۆنەکە دەستی پێ کرد کە بریتی بوو لە چەند بەشێک.
لە سەرەتادا پارچە مۆسیقایەک لە لایەن تیپی مۆسیقای «ئاگری زیندوو»ەوە پێشکەش کرا و دواتر نمایشێکی جلوبەرگی کوردی پێشکەش کرا، کە زۆربەی نمایشکاران خەڵکی ئیتالیا و ئیسپانیا و برازیل بوون و لە لایەن «دڵکەش مورادی»ی دیزاینەرەوە ڕێکخرا بوو. هاوکات لەگەڵ ئەمەدا هونەرمەند تارا جاف کە یەکێک بوو لە بەشداربووانی نمایشەکە بە جلوبەرگی هەورامانییەوە، چەند پارچەیەک مۆسیقای بە ئامێری (هارپ) پێشکەش کرد و ئەم بەشەی دەوڵەمەندتر کرد.
پاشان هەریەکە لە هونەرمەندان ئەژدەر وەهبی و ئەردەڵان بەکر بەشدارییان لە بۆنەکەدا کرد و چەند گۆرانییەکیان پێشکەش کرد و بۆنەکەیان ڕازاندەوە کە لەگەڵ ئەمەشدا بەشێکی زۆری ئامادەبووان لەگەڵ سەرگەرمیی گۆرانی و مۆسیقای کوردیدا بە سەما و هەڵپەڕکێوە کۆتاییان بە بۆنەکە هێنا.

# ڕیسواکردنی تێرۆریستان و ڕەتکردنەوەی کاری تێرۆر لەنێو کۆڕێکی ڕێکخراو و پارتییە سیاسییەکانی کورد لە بریتانیا

ئامادەکردنی: **هەڵەت هەمەوەندی**

دیارە ئەو ئەزموون و بارودۆخانەی کە کوردستان تێی پەڕاندوون، پڕن لە کارەسات و گیانفیدایی و بەرخۆدان، بە جۆرێک کە هەر بن دارێک و هەر بن بەردێک و هەر پاڵ شاخێکی کوردستان بگریت، جێگای داستانێکی خۆڕاگری و گیانی بەرەنگاری و قارەمانێتییە، کە ئەمەش ئەوە دەسەلمێنێت کە میللەتی کورد هەرگیز لە هیچ تۆقاندن و ئازاردانێک سڵی نەکردۆتەوە و بەردەوام بووە لە داکۆکیکردن لە ماف و داخوازییەکانی، بە جۆرێک کە چەندەها ڕۆڵەی لەم پێناوەدا بە خاک سپاردووە، کە ١٨٢ هەزار ئەنفالکراو و هەشت هەزار بارزانی و پێنج هەزار خەڵکی بێتاوانی هەڵەبجە بوونەتە سیمبوڵی گیانفیدایی و داکۆکی لە داوا و خواستەکانمان بۆ ڕزگاری سەربەخۆیی کوردستان.

دەستی تێکدەران و پلانگێڕان دیارە لەگەڵ ئازادکردنی عیراقدا ڕەوت و شێوازێکی تری تیرۆریستی گرتە خۆ، کە گۆڕەپانی عیراق بە شێوەیەکی زۆر درندانە لەژێر پێی تێرۆریستاندا کەوتە لەرزین، کە هەڵبەتە کوردستانی خۆشەویستیش دوور نەبووە لەم مەیدانەیەدا، بۆیە چەند کارەساتێکی دڵتەزێنی لێ کەوتۆتەوە کە دیارترینیان کارەساتەکەی ١ی شوباتی ساڵی پار و ٤ی مایسی ئەم ساڵ بوو، کە ئەم دوو کارە تێرۆریستییە دڵ و دەروونی هەموو کوردێکی بەشەرەفی هەژاند و غەمبار کرد.

بۆ ئیدانەکردن و مەحکوومکردنی تێرۆر، لە ڕۆژی شەممە، ٢٠٠٥/٥/١٤، لە هۆڵی کوردستان لە مەڵبەندی ڕۆشنبیریی کورد لەندەن، بە سەرپەرشتیی ڕێکخراو و پارتییە سیاسییەکانی لەندەن کۆڕێک ساز کرا.

شایانی باسە ئەم کۆڕە خۆی لە دوو تەوەری سەرەکیدا دەبینییەوە کە سەرەتا بەڕێزان کاک ئەنوەر محەمەد و کاک دڵشاد حافز سەرپەرشتیی تەوەری یەکەمیان کرد بەوەی پێشکەشی ڕێکخراو و لایەنە سیاسییەکانیان کرد بۆ وتارخوێندنەوە؛ کە سەرەتا وتاری پارتیی دیموکراتی کوردستان لێژنەی ناوچەی لەندەن لە لایەن کاک کامەران ساڵح بەگەوە خوێندرایەوە و مەحکوومی ڕووداوەکەی ٤ی مایسی کرد و گەورەیی میللەتی کوردی لە بەرانبەر هەر کارێکی تێرۆریستیدا بەرز نرخاند.

دواتر وتاری یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان؛ کۆمیتەی لەندەن، لە لایەن کاک سیروان محەمەدسەعیدەوە خوێندرایەوە کە سەرەڕای ئیندانەکردنی ئەم کارە تێرۆریستییە بەڕێزیان سەروەریی خواست و هێزی میللەتی کوردی لەو کارە تێرۆریستییانە بە گەورەتر لە قەڵەم دا.

کاک محەمەد ساڵحیش وتاری یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستانی پێشکەش کرد کە پاش مەحکوومکردنی ئەم کارە دژ بە مرۆڤایەتییە بەڕێزیان پێشنیاری چەند خاڵێکی کرد بۆ ڕێگەگرتن لە تیرۆر کە گرنگترینیان ئاماژەکردن بوو بە پابەندبوون بە دیموکراسی و ئازادی و حوکمی یاساوە و هەروەها جەختی لەسەر دژایەتینەکردن و ڕێزگرتنی سەرجەم بیروباوەڕە ئایینی و کۆمەلایەتییەکان کردەوە.

وتاری کۆمیتەی هاوبەشی



لە ڕاستەوە: محەمەد ساڵح، شەپۆل عەلی عەسکەری، کامەران ساڵح بەگ و ئەنوەر محەمەد



بەشێک لە ئامادەبووانی کۆڕەکە



بەشێک لە ئامادەبووانی کۆڕەکە


د. شێرزاد تاڵەبانی


بەیان سامی عەبدولڕەحمان


تاهیر ساڵەیی


دڵشاد حافیز

کۆمەڵگای کوردی لە لەندەن لە لایەن کاک شەپۆل عەسکەرییەوە پێشکەش کرا و تێیدا جەختی لەسەر یەکڕیزی و تەبایی هێزە سیاسییەکانی کورد کردەوە بۆ ڕێگەگرتن لە تێرۆر.

دواتر وتاری حکوومەتی هەرێمی کوردستان، هەولێر، لە لایەن بەیان سامی عەبدولڕەحمانەوە خوێندرایەوە و نیگەرانی و ناڕەزایی حکوومەتی کوردستانی بەرانبەر بەم کارە تێرۆریستییانە دووبارە کردەوە و بەتوندی مەحکوومی ئەم کردەوە دژ بە مرۆڤایەتییەی کرد.

دوابەدوای ئەمەش وتاری حکوومەتی هەرێمی کوردستان، ئیدارەی سلێمانی، لە لایەن کاک تاهیر ساڵەییەوە پێشکەش کرا و سەرەڕای دانەواندنی سەری ڕێز و نەوازش بۆ شەهیدەکانی ئەو کارەساتە و مەحکوومکردنی ڕووداوەکە، گرنگیی یەکڕیزیی هێزە سیاسییەکانی کوردی دووپات کردەوە و بە خاڵێکی گرنگی ڕێگر لە تێرۆری دانا.

بەڕێز هاوڕێ نوری وتاری بزووتنەوەی ڕێفراندۆمی کۆمیتەی لەندەنی خوێندەوە و ڕێچکەی کاروانی شەهیدانی بردەوە بۆ لای شەهیدانی تر و گیانی پاکیانی بە شکۆمەندی ڕاگرت.

بەم جۆرەش بەشی یەکەمی کۆڕەکە کۆتایی هات.

پاش پشوویەکی کورت، تەوەری دووەمی کۆڕەکە دەستی پێکرد بە پێکهێنانی کۆڕێکی گفتوگۆ کە نوێنەری پارتیی دیموکراتی کوردستان کاک کامەران ساڵح و نوێنەری یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان کاک شەپۆل عەسکەری و نوێنەری یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان کاک محەمەساڵح بەشدارییان تێدا کرد و لە لایەن کاک ئەنوەر محەمەد؛ سەرۆکی کۆمیتەی مەڵبەندی ڕۆشنبیریی کوردەوە سەرپەرشتی کرا.

لەم بەشەدا چەند کەسێک بیروڕای خۆیان دەربڕی و ڕەخنە و کەموکورتی و خاڵە لاوازەکانیان ئاراستەی بەشداربووانی کۆڕی گفتوگۆکە کرد و وەڵامی بیروڕا و بۆچوون و پێشنیار و ڕەخنەکانیان درایەوە.

لە کۆتایی کۆڕەکەشدا نامەیەکی پشگیری و داخوازی لە لایەن کاک سەربەست کەرکووکییەوە خوێندرایەوە، کە بە ناوی هەموو ڕێکخراو و پارتییەکانی لەندەن و ئامادەبووانی کۆڕەکە خرایە ڕوو، کە نامەکەش ئاراستەی ئەندامانی مەکتەبی سیاسیی پارتیی دیموکراتی کوردستان و مەکتەبی سیاسیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و ئەندامانی پەرلەمانی نوێی هەرێمی فیدراڵیی کوردستان کرا. پوختەی نامەکەش مەحکوومکردنی کارە تێرۆریستییەکە و ئیدانەکردنی بوو. ئەمە و لەگەڵ پشتگیری و یەکهەڵوێستی پێشاندان بوو بۆ حکوومەتی چاوەڕوانکراوی یەکگرتووی فیدراڵیی کوردستان و پەرلەمانی کوردستان.

لەگەڵ ئەمەشدا چەند پێشنیارێک خرانە ڕوو کە بە کورتی بریتی بوون لە جەختکردنە سەر گرنگیدان بە یەکگرتنەوەی ئیدارەکانی سلێمانی و هەولێر بە زووترین کات و ئاشکراکردنی ڕاستی و خاڵ و بەندەکانی کۆبوونەوەکان لەسەر ئاستی کوردستان و عیراق و هەروەها پەلەکردنی لە پرۆسەی پاکسازی و نەهێشتنی گەندەڵیی ئیدارەکان لە پێناو پاراستنی بەرژەوەندیی ئابووریی کوردستان. سەرەڕای ئەمەش جەخت لەسەر ئەوە کرایەوە کە پەرە بە سیستەمی پەروەردەی ئایینی بدرێت تا هاوتەریبی ویستی سازدانی کۆمەڵگای مەدەنی و سیستەمی دیموکراتی بێت.

لە لایەکی ترەوە ئاماژە بەوە کرا کە یەکگرتنی لەشکری پێشمەرگە و ئیدارەکانی پۆلیس و ئاساییش هۆکارێکە بۆ ڕێگرتن لە جموجووڵی تاقم و دەستە تێرۆریستییەکان.

لە کۆتاییدا لە لایەن هەموو ئامادەبووانەوە ڕەزامەندی لەسەر یاداشتەکە پێشان درا و کۆڕەکەش بە چەند وتەیەکی کاک ئەنوەر محەمەد و دووبارە بەخێرهێنانی میوانەکان کۆتایی هات.


هاوڕێ نوری


شەپۆل عەلی عەسکەری


محەمەد ساڵح


سیروان کەرکووکی

# یادێك لە ماندووینەناسێك

مەڵبەند



خاتوو ماریا ئۆشەیی

ئێوارەی ڕۆژی دووشەممەی ٢٠٠٥/٥/٣٠، ئەو ئێوارە پڕ ماتەم و پڕ شانازییە بوو کە خەڵکانێکی ئەکادیمیی کورد و غەیرەکورد، یادێکی پڕ شکۆیان بۆ ژنە بریتانیایی ماندوونەناسی کوردپەروەر و مرۆڤپەروەر کرد، ئەو ژنە ماندوونەناسەی کە پێش مردنی وەسیەتی کردبوو کە بە جلی ئاڵووالاّی کوردییەوە بە خاکبسپێردرێت.

خاتوو ماریا ئۆشەیی، تەمەن ٤١ ساڵ، ڕۆژی سێشەممە (٣-٥-٢٠٠٥)، لە گۆڕستانی «هێندن» بە ئامادەبوونی کۆمەڵێک لە ئەندامانی کۆمەڵگای کورد و نوێنەری مەڵبەندی ڕۆشنبیریی کورد، سەربەست کەرکووکی و نوێنەری دەسگای خانووبەرەی کورد، میدیا زەهاوی، لەگەڵ کەسوکار و دۆستانی خوالێخۆشبوو، تەرمی ئۆشەیی، بەپێی وەسیەتی خۆی بە جلی ئاڵووالاّی کوردییەوە لەگۆڕستانی ناوبراو بە خاکسپێردرا.

خاتوو ماریا ئۆشەیی، مامۆستا بووە لە بەشی جوگرافیا و مێژوو لە زانستگەی لەندەن و خێزانی دکتۆر «یەدێ»ی کوردی شاری سنەی ڕۆژهەلاّتی کوردستانە.

یادزیندوو؛ خاتوو مارییا، یا مۆریا وەکو هەمیشە کاکە دۆکتۆر یەدی هاوسەری پێی خۆش بوو بە مۆریا بانگی بکات، ئەو ژنە بوو کە لە ساڵی ١٩٨٢ـەوە، بە شێوازێکی زانستی و ئەکادیمییانە هەوڵ و تواناکانی خۆی لە خزمەتی بابەتی ناساندنی کورد و کولتووری کورد تەرخان کردبوو. وەکو یەکێک لە وتارخوێنەکان لە وتاری خۆیدا کە پێشکەش یادەکەی کردبوو وتی: "مۆریا ڕۆشنایی بوو بە هەگبەی گەشبینییەوە هانی دەداین و هەنگاوەکانی ئێمەی پێ درەنگ بوو. ئەو باوەشێک گولاڵە و نێرگز بوو، بەرەو ڕازاندنەوەی باخچە هەژارەکەی ئێمە، پەلەی بوو..."

مۆریا لەو ماوەیەی لە (SOAS)دا مامۆستا و کارمەند بوو، هاندەری سەرەکیی کۆمەڵێ لاو و گەنجی کورد بوو بۆ بەردەوامیی خوێندنی باڵا و هەڵکشان بەرەو وەرگرتنی زانیاریی نوێ، بەڵام بەداخەوە مەرگی لەپڕ مەودای بەو ئەستێرەیە نەدا، کە زیاتر لەوەی ڕۆشنە، ڕۆشنایی دۆستانە و ئینسانییانەی خۆی ئاراستەی ئێمە بکات.

لەم یادەدا، کە بە سەرپەرشتیی خاتوو میدیا زەهاوی بەڕێوەچوو، کۆمەڵێ وتاربێژ و ئاهەنگساز بەشدارییان کرد و ئەو یادەیان ئەوەندە پڕ جۆش کردبوو کە مەگەر هەر جۆش و خرۆشی هیلاکییەکانی مۆریای نەمر بەو ئەندازەیە بووبن.

سەرەتا دۆکتۆر ڕەشیدیان بە ناوی خۆی و خانەوادەی کۆچکردووەوە بەخێرهاتنی میوانانی کرد و کورتەیادەوەرییەکانی خۆی لەگەڵ مۆریا و دۆکتۆر یەدی هاوسەری باس کرد و پاشان بوار درا بە بەڕێز دۆکتۆر فیلیپ کاریبەنک، کە پرۆفیسۆر و مامۆستایەکی هەرەناسراوی لێکۆڵینەوە و دیراساتی کوردی و ئێرانییە لە (SOAS). فیلیپ لە وتارەکەیدا وتی: "بۆ یەکەم جار لەو کاتەدا من مارییام ناسی کە کاتێ خوێندکاری ماستەری دیراساتی کوردی و من مامۆستای بووم. ئەو خۆبەخۆ زۆری سەبارەت بە کورد و کوردستان دەزانی، هاوپەیوەندی لەگەڵ کوردەکان زۆر هەبوو و دەیزانی بۆ هەر مەبەستێک دەبێت پەیوەندی بە چ کوردێکی شارەزاوە بکرێت!

دۆکتۆر فیلیپ لەسەر قسەکانی خۆی بەردەوام بوو و وتی: "هاوپەیوەندیی شەخسیی من لەگەڵ مارییادا، بەشێکی لەسەر هۆگریی هەردووکمان بوو بۆ کێشەی کورد و کێشەکانی ڕۆژهەلاّتی ناوەڕاست و بەشێکیشی لەسەر هەستی ئینسانی و گەرموگوڕیی مرۆڤانە و مرۆڤدۆستی بوو."

هەروەها سەبارەت بە کەسایەتیی مارییا بە باوەڕەوە وتی: "مارییا خاوەنی توانایەکی هەمەلایەنە بوو، ڕێکخەرێکی زۆر باش بوو، توانایەکی بێ سنوور بوو لە گەیشتن بە بابەت و کێشەکانی خانەوادە گەورەکەی و هەروەها تواناى دامەزراندنی دەستەی (Kurdish Studies Forum) لەناو (SOAS)دا. مارییا ڕووناکبیرێکی خۆڕسکی بەتوانا بوو، بەڵام بەو جۆرە خۆی نەدەناسی و مارییا هەرگیز نەیدەویست خۆی بباتە پێشەوە..."

دۆکتۆر فیلیپ لە دواوتەیدا سەبارەت بەم ژنە بەئەمەکە وتی: "بەکورتی، لەم ژیانە کورتەیدا کۆمەڵێ بەرهەم و داهاتی هەبوو و ئەوەندە بەخشندەیی بە ئێمە پێشکەش کرد کە دەبێت ئێمە شانازی پێوە بکەین و سوپاسی بکەین..."

پاشان خاتوو «کریستیان»ی هاوڕێی جوانەمەرگ، کورتەباسێکی گەشتەکەی خۆی و مارییای بۆ کوردستان کرد. لەو باسەدا بەقووڵی ئاماژەی بەوە دا کە چۆن مارییا بە ڕووحسووکیی خۆی و زۆر بەئاسانی دەیتوانی بچێتە ناو دڵی خەڵکی باشووری کوردستانەوە. هەروەها زانیارییەکی زۆری توانا و لێزانینەکانی مارییای سەبارەت بە کوردۆلۆژی پێشکەش بە ئامادەبوان کرد.

پاشان سەربەست کەرکووکی، بە ناوی کۆمەڵگای کوردەوە، پەخشانێکی پێزانینی تواناکانی مارییای بە خانەوادەی جوانەمەرگ و بە ئامادەبوان پێشکەش کرد، کە تێیدا دەڵێت:

"ئەگەر مەرگ بەرۆکی مارییای نەگرتایە
بێ شک، لەم لەندەنەدا خاتوو «بلاو»ێکی ترمان
بۆ دەبووە سپینداریێ
ئەگەر ڕۆژگار ماڵئاوایی لەو نەکردایە
کولتووری ئێمەش لە دنیای ئەکادیمیا
دەیتوانی ببێتە مەزنە ئاقارێ.
ئەگەر گالیسکەی زەمەن، چەند هەنگاوێکی تر بواری پێ بدایە
ئێمە دەمانتوانی لە بەرزترین سەکۆی زانستیدا
بڕوامان بە هۆرەی ڕەشەجاف و سیاچەمانەی
هەورامانمان زیاتر بێت
ئەو کۆمەڵێ لە ماندووینەناسانی ئێمەی هاندا
کە چۆن بە سینگفراوانییەوە
لە دەرگای زانست بدەن و
بەشانازییەوە کالاّی مایە گەوهەری
کوردەواریمان پێشان بدەن
ئەو چپاندییە گوێیان کە ئەوەی هەمانە، شاکارە، جوانە
ئەوەی دەیچڕین... نەغمەی پڕ چەشتە،
ئەوەی دەیژەنین
نەفخی بەهەشتە
ئەو ڕەنگدانەوەی هەستیان بوو
ئەو دەنگدانەوەی ویستیان بوو
ئەو هاندەر بوو
لەم کاروانەدا... ئەو تەکاندەر بوو..."

پاشان د. یەدێ هاوسەری جوانەمەرگ، وتارێکی زۆر بەسۆزی خوێندەوە و تێیدا باسی سەرەتاکانی ناسینی خۆی و مارییا و تواناکان و سووربوونی لەسەر بەرزهەڵکشانی کرد. باسی هەوڵەکانی مارییای کرد بۆ چوونە ناو بابەتەکانی کوردناسی و ئێرانناسییەوە. باسی خۆگری و خۆڕاگریی مارییای کرد لەو دوا پێنج ساڵی تەمەنیدا کە دەیزانی نەخۆشیی شێرپەنجە لەشی داگرتووە. د. یەدی بە شانازییەوە باسی ئەوەی کرد چ وەکو کورد و چ وەکو ئینسان لە ڕێگەی ئەو «چارەتی»یەوە کە بە ناوی مارییا و بۆ یادەوەریی مارییا دامەزرێنراوە هەمیشە ئامادەیە بۆ بەردەوامیدان بە خزمەتگوزارییە کوردانە و ئینسانییەکانی هاوسەرە کۆچکردووەکەی.

لەم یادەوەرییە زۆر قەشەنگەدا زیاتر لەو وتارانەی پێشکەش کران، کاریگەریی هاوبەشییە هونەرییەکانی «ئەنوشە» بە نای، «تارا جاف» بە هارپ، «حمید نسائی» بە سێتار، «هەژار» بە دەف و «ئازاد زەهاوی» بە زەرب بوو کە خانەقای یادەوەرییەکانیان گەیاندە حاڵەتی تەجەلیی ڕووح و گەشکەیی پاکیزەیی بیرەوەرییەکان.

### له هەگبەوە

# پێشمەرگەی تەقاویت!!



## شێرزاد شێخانی

له تەمەنی ڕۆژنامەنووسیمدا زۆر بەسەرهاتی سەیروسەمەرەم دیوە، هەندێکیان هی ئەوەن باس بکرێن و هەندێکی تریشیان (بڤەن)، جارێ وەختیان نەهاتووە و وەکو هەندێ له سیاسەتمەدارانی کورد دەڵێن: "لەبەر وەزعی ناسکی کورد!" هێشتا ماویەتی باس بکرێن. هەڵبەت ئەو وەزعە ناسکەی کوردیش بیانوویەکە ترسنۆکیی خۆیانی پێ پەردەپۆش دەکەن، ئەگینا له شوێنان تەنانەت باس له خەوتنی سەرۆککۆماری خۆیان دەکەن لەگەڵ «مۆنیکا لوینسکی»دا و کەسیش لێی نابەدڵ نییە. له لای خۆشمان هەر سەرۆکێک، ئەگەر هی تیپی فوتبۆڵیش بێت، دەیان مۆنیکای هەیە و کەسیش ناوێری باسیان بکات. به هەر حاڵ، هەوڵ دەدەم هەر جارێک بوارێکم بۆ ڕەخسا بەشێک لەم بەسەرهات و یادەوەرییانەی ژیانی ڕۆژنامەنووسیم بخەمە سەر کاغەز بۆ خوێنەرەکانم.

خۆم یەکێکم لەو مرۆڤانەی که تووکم زۆر نەرمە بەرامبەر به ئافرەت، هەولێریان وتەنی: "ملم پانە!" بۆیان، لەبەر ئەوەشە زۆرجار که ئافرەتێک دێتە لام بۆ ئەوەی یارمەتی بدەم له هاتنی بەناو جیهانی ڕۆژنامەنووسییەوە، یان دەستی بگرم تا قاچەکانی له دەرگای ڕۆژنامەکاندا ئاودیو دەبێت، ئەوە بەبێ سێ و دوو ئاوی لێ ناخۆمەوە، جا ئەگەر ئەو ئافرەتەش له ژنەکەی خۆم جوانتر بێت؛ که ئەمەش زۆرجار هەر وایە، ئەوا تەنانەت ئەگەر بابەتیش بنووسم و به ناوی ئەوەوە بڵاوی بکەمەوە چ پێم عەیب و شوورەیی نییە. لەم وڵاتەی ئێمەومانانداد تەنانەت سەرکۆماریش کەسێکی هەیە ڕۆمانی بۆ بنووسێت و به ناوی ئەوەوە بڵاوی بکاتەوە.

یەکێک لەو ئافرەتانە که سەرەتای دەستپێکردنی بوو، بەیانییەک به پەلەپرووزێ هاتە لام و داوای لێکردم هەندێ پرسیاری ڕۆژنامەوانی بۆ ئامادە بکەم، چونکە مەوعیدی لەگەڵ وەزیرێک هەیە و پاش سەعاتێکی تر له وەزارەت چاوپێکەوتنی لەگەڵدا ساز دەکات. هەڵبەت بەندەش ناتوانێت به لەبەرچاوگرتنی قەدوباڵای لاولاوی خاتوون ئەم جۆرە تەکلیفە ئاسانە ڕەفز بکات، بۆیە هەر له ماوەی چارەکەسەعاتێکدا هەشت پرسیارم بۆ ئامادە کرد و به چاپکراوی دامە دەستی. ئیتر چوومە ماڵەوە و بەرامبەر به ژنەکەی خۆم دانیشتم و قسەوباس هاتە سەر نرخی کیلۆی تەماتە و ئاردی بایەع و دواکەوتنی دابەشکردنی نەوت. هەر ئەوەندەم زانی لاندکرۆزەرێک له بەردەم ماڵەکەمدا وەستا و له دەرگا درا. ژنەکەم ترسا، وایزانی دایەرەی ئەمنە سوورەکەیە هاتوون پەلکێشم بکەن، دڵنیام کردەوە که دایەرەی ئەمن بەرەبەیانیان دێنە سەر خەڵک نەک به نوێژی نیوەڕۆ. که دەرگامان کردەوە حیمایە وەزیرێکی برادەر بوو وتی: "جەنابی وەزیر داوات دەکات". ئیتر قسەی بایەع و نرخی ئاروو و کاهوومان بڕی و چوومە حزوور جەنابی وەزیر. بینیم وەرقەیەکی به دەستەوەیە و پێی وتم: "ئەمڕۆ بەیانی ئافرەتێکی ڕۆژنامەنووس هاتۆتە لام ئەم پرسیارانەی بۆ هێناوم، ها بیانگرە لەجیاتیی من وەڵامەکانیان بنووسەوە". وەرەقەکەم لێ وەرگرت، سەیرم کرد هەمان ئەو پرسیارانەیە که بەیانی بۆ خاتوونە قەدوباڵا لاولاوییەکەم نووسیبوو! ئیدی به شەو بۆی دانیشتم وەڵامی پرسیارەکانی خۆم دایەوە. دوو ڕۆژ پاش ئەوە بینیم له ڕۆژنامەکەدا دەقی چاوپێکەوتنەکە به نوقتە و فارزە و به وێنەی خاتوونە لاولاوییەکە و وەزیرە خاوەن حیمایەکانەوە بڵاو کراوەتەوە!. ئێستا ئەو ئافرەتە قەدوباڵا لاولاوییە بەڕێوەبەری کەناڵێکی ئاسمانی ئەمریکاییە و وەزیرەکەش حیزبەکەی وڵاتێک بەڕێوە دەبات، منیش ئەوەتا خۆتان دەیبینن، لەم وڵاتە پان و بەرین و ئازادەشدا تەنها «٦٠» هەزار دیناری برێمەر که دەکاتە «٤٠٠» دیناری کۆنە سەدامی مووچەی تەقاویتیی پێشمەرگانە وەردەگرم. جا ئەو ڕۆژە دانیشتبووم حیسابێکی ئەو چوارسەد دینارەم دەکرد. چوارسەد تەقسیم بیست که دەکاتە ساڵانی پێشمەرگایەتیم یوساوی ٢٠ دینار، واتە هەر ساڵی پێشمەرگایەتیم بەرامبەرە به بیست دیناری هەرزان و تاڵان. بیست تەقسیم نۆ، یوساوی دوو دینار و ڕوبعێک، واتە هەر مناڵێکم ئەوەندەی بەر دەکەوێت له ساڵێکدا. بەڵێ ئەوە هەموو بەشی مناڵەکانم بووە لەو نەوت و داهاتانەی عیراق که ئێستا ئێمە حوکمی دەکەین. ئەرێ بەڕاست ئەو بیست ساڵەی پێشمەرگایەتیم به فرۆشتنی کۆتر لەژێر پردەکەی سلێمانی، یا فرۆشتنی عەلاگەی ڕەش له بازاری تەڕەفرۆشانی هەولێردا بەسەر بردایە باشتر نەبوو، خۆ ئێستا به تەئکید موفەوەزی ئاسایش بووم!!.